

# کورتتر لە ژیان
# حەکایەتێک بێ موعجیزە

**زولەیخا**

من و تۆ
دوو ڕێبواری غەمگینین
دەزانین
سەفەرەکانمان لە ونکردنی ئەبەدیی یەکدی تەواو دەبن
هەزار ڕێکەوتی ورد بەدزییەوە
ڕێگای تۆ دەبەنەوە لای خۆت و
من لای خۆم قەتیس دەکەن
هێڵەکانی ژیانی تۆ
لە بیابانێکی دوور
تێکەڵاوی جێ پێی ڕێبوارەکان بووە
حەکایەتی ژیانی تۆ ئاڵۆزتربووە لە



سەفەری نەبڕاوەی ئەم هەموو
ڕێبوار و عاریف و عاشقەی سەحرا
منیش لەناو ئەو دڵۆپە بارانانەدام
کە قەت ڕێیان ناکەوێتە سەحرا

لەسەر ڕێگای مندا
تا دڵی تۆ
هەزار حەکایەتی دڵپیس هەن
هەزار پاڵەوانی تووڕە خۆیان لە بۆسە داناوە
ڕێگام لێ وندەکەن و
دوورترم دەخەنەوە لەماڵی ئەو حەکایەتەی دەبێ بۆی بچم
ئەو حەکایەتەی تۆی تێدایت و من.
حەکایەتەکان تۆیان تێدایە و من نا
منیان تێدایە و تۆ نا،
ڕێگاکان نامانخەنە سەر یەک نەخشە
لە باخچەیەک، لە پیاسەیەک، لە ئێوارەیەکی دڵپڕ
ڕێکەوتی یەک ناکەین
دووری نێوانمان
لە بنەماڵەی ئەو دوورییەیە
کەوتۆتە نێوان
شەیتان و خودا!

موعجیزەکان
لە سەفەری زەمەن جێماون
ناتوانن بە لابردنی چەند پیتێکی دڵتەنگ و
دانانی چەند وشەیەکی دڵخۆش
حەکایەتەکانمان هەڵگێڕنەوە
ئەوان جێیانهێشتووین
تا بێ گرێ بیر لە تەنهایی خۆمان بکەینەوە،
ورد لە برینەکانمان ڕابمێنین
جێیانهێشتووین
تا لە خەوندا حەکایەتێکی دی بنووسینەوە
جیا لە هی ئەوان.
ڕۆژێک نایەت
من و تۆ ببینە ئێمە
تا دوای ئەبەد
شەوانە تۆ بە تەنیا ئەستێرەکان دەژمێریت
من بە تەنیا لە مانگ ڕادەمێنم و
حەکایەتەکانیش ئارام دەنوون.